ROJî GEl , Weekly Newspapper Issued By: Rizgary Party of Kurdistan-RPK

# لەبەرئەوەی گۆرانی کوردی دەسترێ، مانگێک زیندانی دەکرێ



ستـــرانبێژی تورکیـــا **نیهـــات ســــۆنمەز**، زۆرجاران لە ئاهـەنگەکانی خۆیدا سترانی کوردی دەڵێ، بەڵام ئەمە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە بە تاوان دادەنرێ، بۆیە دادوەری گشتی سکاڵای لەسەر تۆمارکردو پەلکێشی بەردەم دادوەری کرد.

سەرچاوەکانی هەواڵی تورکیا بڵاویان کردەوە کە دادگەیەکی تورکیا سزای یەک مانـگ زینـدانی کـردن و سـێ هـەزار و پێنجسەد دۆلاری بۆ سۆمنەز بڕیوەتـەوە، لـەم بـارەیـەوە، **سۆمنەز** گوتویەتـی: 'ئـەمـە بڕیـارێکی سیاسیەو بـەڵگـەی خۆنـەگرتنـە لەبەرانبەر زمانی کوردیدا کە بەرپرسانی تورکیا بانگەشەی ئەوەی دەکەن کە خەڵک ئـازادن بـە زمانـەکـان بدوێن و بسترن و هەستی خۆیان دەرببڕن!!

هەرچەندە کە ماوەی دە ساڵە سۆنمەز لـە ئاهـەنگـەکـانی دا سترانی کـوردی دەڵـێ، بـەڵام لـە شـەو ئاهـەنگێکدا سترانی 'کـەچا کوردان و دیاربەکر'ی گوتبوو، بەوهۆیەوە سـکاڵای لـە دژدا تۆمـار کرابـوو، بـەوە تۆمـەتبـارکرابوو کـە ستایـشی تاوانبـارانی کـردووە. دادگـەیی کردنی نیهات سـۆنمەز بینـەوبـەردەی زۆر بـوو، سـاڵێکی کێـشا، سەرەنجام دادوەر بڕیاری دا کە بۆ ماوەی مانگێـک زینـدانی بکـرێ و سـێ هــەزارو پێنجسەد دۆلاریش بدات.

**سۆمنەز** لـەبـەردەم پـەمانێراندا بە گاڵتـەوە بڕیارەکـەی دادوەری وەرگـرت و بـەڵێنـی دا کـە لـە گـوتنی سـترانی کـوردی بـەردەوام دەبـێ، ئـەگـەر چـەنـدین جـاری دیکـەش پەلکێشی دادگەی بکەن و سزای بۆ ببڕنەوە.

**سـۆنمەز** دەڵـێ: ئـەو گۆرانیانـەی مـن گوتوومن، هەموویان لە ئەلبومەکانی مندا تۆمـار کـراون و بـە شـێوەیـەکـی یاسـایی دەفرۆشرێن، بەڵام لەسەر گوتنیان سزام بۆ دەبرنەوە!

**سۆمنەز** ئاشـکرای کـردووە کـە دادگـە پێیرانـەگـەیانـدووە کـە لـەسـەر کـام لـە گۆرانیـەکـان سـزا دەدرێ، تـەنیـا پێیانراگەیاندووە کە چونکە گۆرانی کوردی دەڵـێ، دەبـێ سـزا بـدرێ ، ئـەمـەش واتـای ئەوەیە کە تا ئێستا زمانی کوردی قەدەغەیە، هـەروەهـا بڕیـارەکـەش سیاسـیەو بـۆ زەوق سەپێندراوە.

## هاواری ئێدوارد بۆ مۆزەخانە دەگەڕێتەوە



تـابلۆی **فریـاد** کـە لـەلایـەن نیگارکێشی نـاوداری نـەرویجـی، ئێـدوارد مۆنکـەوە کێـشراوە و سـاڵی ٢٠٠٤ لـەلایـەن چـەند دزێکی چەکدارەوە رفێندرابوو، بۆ مۆزەخانە گەڕایەوەو پیشاندەدرێ.

تابلۆکە ئازاری پێگەیشتووە، چونکە لەو کاتـەی کـە دزەکـان ویـستویانە تابلۆکـە لـە چوارچێوەی خۆی دەربێنن و بەشێوازێکی دیکە پیشانی بدەن، شێی لەسەر نیشتووەو دووچاری رنین هاتووە، بەڵام دیسانیشەوە گرنگی و بایەخی خۆی لەدەست نەداوە.

دوای ئەوەی پۆلیسی نـەرویج لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە هەنگاوێکی چاوەڕوان نەکراودا توانیان ئەم تابلۆ بەنرخە لە دەست دزەکان دەبهێنرێن، ویستیان رەوانەی مۆزەخانـەی بکەنەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئازاری پێگـەیـشتبوو، لـەهـەنـدێ شـوێندا شـێی لێنیـشتبوو، پێویـستی بـە چـاک کردنـەوە هەبوو، بۆیە لەلایەن نیگارکێشانەوە کاری لەسەر کراو برینەکانی چاک کرایەوە، ئێستا لـە مـۆزەخانـە دانـراوە، بـەڵام بڕیـار وایـە مـانگی سـێپتێمبەر جارێکی دیکە رادەستی چەند وەستایێک بکرێ و نۆژەن بکرێتەوە.

دوای دۆزینەوەی تابلۆکە، دەرکەوت کە ساڵی ١٩١٠ کێشراوە، نەک ساڵی ١٨٩٣ کە پێشتر پێشبینی دەکرا.

دزەکـان بـەو نیـازەی کـەئـەگـەر لـە چوارچێـــوەی خـــۆی دەری بێـــنن و بـەشـێوازێکی دیکـە بیرازێننـەوە، هـەم نـا ناسـرێتەوە، هـەمـیش پـارەیـەکـی باشـتر دەکـات، بەڵام بەخت یاریان نەبوو، لە داوی پۆلس کەوتن و دەستگیرکران.

## چەند هەواڵی هونەری

هونەرمەند **قادر ئەسعەد** دوایین بەرهەمی خۆی لەژێر ناوی کەرکوک دا بڵاو کردەوە کە یازدە تراکتی لەخۆی گرتووە، بڕیاروایە بەرهەمەکان لە کەناڵەکانی ئاسمانی دا بڵاو بکرێنـەوە، ئێـستا کـە لـە هونـەرمـەنـد لـە سـەردانێکـدا لـە باشـووری کوردسـتانە، لەوانەیە هەوڵی کلیپکردنی چەند گۆرانییێک بدات.

هونەرمەند **شەهین تاڵەبانی** کە ماوەی ١٩ ساڵە لە وڵاتی بەریتانیادا دەژی و ئێستا لـە سـەردانـی باشـووری کوردسـتانە، رایگەیاندووە کە لە غوربەت بێزارو دڵتەنگ بووە، دەیەوێ بەیەکجاری بگەڕێتەوەو لە کوردستاندا درێژە بە ژیان بدات.

هونەرمەند **ئەژدەر وەهبی** بڕیاری داوە کە بۆ ئاهـەنگی رۆژی جیهـانی منداڵان کە لە سـەرەتای مـانگی حوزەیران لە شارەکانی باشوری کوردستان بەڕێوەدەچێ، بەشداری دەکـات، بـەوهۆیـەوە لـە رۆژانـی داهـاتوودا سەردانی باشووری کوردستان دەکات.

## ورچە بەنازەکان بەرەو پەکین دەفڕن



دوێنـێ شـەممـە، ٢٤-٥-٢٠٠٨ هـەشـت ورچـی پانـدا لـە هـەرێمـی سـیچوانی بومـەلـەرزە لێـدراوی وڵاتـی چینـەوە بـە فرۆکـەیـەکی تایبـەت بۆ پـەکینی پێتـەختی گواسترانەوە.

ئـەم هـەشـت پاندایـە لـە شـوێنێکی سروشتی پارێزراودا کە سێ کیلۆمەتر لە شـوێنی زەوی لـەرزەکـەدا دوور بـووە، ژیاون، بەڵام بەهۆی دوایین زەوی لەرزەوە شوێنی پانداکان زیانی پێگەیشتبوو، هەروەها دوو لە کارمـەندانی ئەو شـوێنەش گیانیان لـەدەسـت دابـوو، بـەهـۆی ئـەوەی کـە لـە جیهاندا ژمارەیەکی کەم ورچی پاندا هەن، لـەژێر چـاودێری زانـستی دان و بـەباشـی بـەخێـو دەکـرێن و خزمـەت دەکـرێن، بەرپرسانی هەرێمەکە بە باشیان زانیوە کە بۆ ماوەیەک بگوازرێنەوە، باشترین شوێنیش شاری پەکینی پێتەختە کە ئۆلمپیادی ئەمساڵ لـەوێ بـەڕێوەدەچـێ، با پانداکانیش وەکو بـەشـێک لـە خۆشـیەکانی ئۆلمپیـاد سـەیر بکرێن.

ورچـی پاندا بە ئاژەڵێکی تەنبەڵ ناوی دەکـردووە، بـەڵام هـێمن و لـەسـەرخۆیـە، بەوهۆیەشـەوە دووچاری هـەرەشـەی لەبێن چوون بۆتەوە، ژمارەیەکی کەمیان لەژیاندا مـاون، ئـەمـەش بـە هـەوڵ و کۆششی رێکخـراوەکـانی ئـاژەڵپارێزی و حکومـەتی چینـەوە بـە زینـدووی ماونـەتـەوەو شـوێنی ژیانیان بۆ مسۆگەر کراوە.

ساڵی رابردوو لەژێر چاودێری پزیشکدا بێچـووە پانـدایک هاتـە دنیـا، بـەوهۆیـەوە باخچەی ئاژەڵانی چین ئاهەنگیان بۆ گێڕا.

ئێـستا خـەڵکێکـی زۆر لـە وڵاتـانی ئەوروپاوە بۆ دیتنی ورچی پاندا سـەردانی چین دەکەن.

## سێ کورتە فیلمی کوردی لە تاران پێشان دەدرێن

کـاتژمێر ١٨ی رۆژی ٢٤-٥-٢٠٠٨ لـە ماڵی سینەمای ئێران، لە تارانی پێتەخت و لە بەرنامەیەکی تایبەتدا سێ کورتە فیلمی دەرهێنەری کورد **شەهرامی موکری** پیشاندران.

نـاوی کورتـە فیلمـەکـان [ تۆفـانی سـەنجاقـەکـان، دەورووبـەری دائیـرە و 'ئاندۆسی] بوون، کە سینەماکاری کوردی کرمانشاهی **شـەهـرام مـوکری** بـەرهـەمـی هێنابوون و لە تەلاری ماڵی سینەمای ئێران لە شاری تاران پێشانی بینەرانی دان

جێگـەی ئامـاژەیـە کـە لـەلایـەن رەخنەگرانەوە زۆر بە وردی قسەیان لەسەر کـران و وەک سـێ فیلمـی سـەرکـەوتـوو پێوانەیان بۆ کرا، هەرچەندە کە لە کێماسی بەدەر نەبوون.

هـەر سـێ فیلمـەکـە تـەنیا ٤٠ خولـەک بـوون، فیلمـەکـانی یـەکـەم و دووەم، هەریەکەیان تەنیا پازدە خولەک و سێیەمان دە خولەک بوو.

دەرهێنـەری کرمانشاهی زۆر زیرەکانە باسی لـە چۆنیـەتی دەرهێنـانی فیلمـەکانی خـۆی کـردو ئامـاژەی بـەوەدا کـە چـەند زەحمەتییان پێوە دەبینێ و ئامانجیشی تەنیا ئەوەیە کە بەرهەمێکی سەرکەوتوو، یان دڵگیرو دڵویست پێشکەش بە بینەران بکات.

دەرهێنـەر ئامـاژەی بـەوە کـرد کـە فیلمەکان لە ساڵەکانی ٢٠٠٤، ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ بـەرهـەم هێنراون، بـەڵام ئێستا دەرفەتیان هـەبووە کـە بێنـە ئێرەو خۆیان بە ئێوە بناسێنن، هەرچەندە کە فیلمی دەورووبەری دائیـرە و تۆفـانی سـەنجاقـەکـان پێـشتر پێـشاندراون و خـەڵاتیـشیان وەرگرتـووە، بەڵام دووبارە پێشاندانەوەیان لەم شوێنەدا واتای خۆی هەیەو هیواخوازم رەخنەگران رێنوێنیم بکەن تا لـە بەرهـەمـەکانی داهاتوو سوودیان لێوەربگرم، چونکە ئەگەر بەر لە بەرهەمهێنان سەرنجی رەخنەگران بزاندرێ، فیلمەکان تۆکمەتر دەبن.



## تۆم خۆشناوێ



**شاڵاو عەلی**

چیت لێم دەوێ ؟
لەوەی زیاتر ئاوی چاوم
دەکەی بە شەرابی نۆشت ...
چیت لێم دەوێ ..؟
لەوەی زیاتر خەوی خاوم دەوەرێنی و
خوێنی دڵم
دەکەی بەکاسە شەربەتێ
بۆ سەر مێزی عیشق وجۆشت ..!
چیت لێم دەوێ ..؟
لە پاش ئەوەی
هەرچی هەمبوو هەمووت سووتاند
تاگە یشتە دوا پەیکەری
خۆشەویستی ... و
بە رقێکا هەمووت شکاند
چێت لێم دەوێ ... ؟
نامە نەما بۆت بنووسم
لەسەر لق وچڵ وچرۆ
تۆش شوێن نەما پڕی نەکەی
لە زە ردەخەنەی بە درۆ
چێت لێم دەوێ ...؟
شەقام نەما
فرمێسکی لێ هەڵنەرێژم
درەخت نەما لە سێبەریا
خەونێکی نوێی لێ نەنێژم
وەک دارستانی سووتاوو بووم
بە دوای قومێ ئاوتا وێڵ بووم
ئەوساتانەی پێت دەگووتم ...
ئیتر پەیمان
خۆشەویستم ..
گەر تۆ بیابانێکی ووشک بی
من رەهێڵ بم ..
تازە ئیتر چێت لێم دەوێ ...؟
لەدوای ئەوەی
لە بیرت چوو ..؟
ئەورۆژانەی سەدان ناومان
بۆ منداڵی خەونەکانمان
دەنووسی لە قەدی دارا
نەمئەزانی ئەورۆژە دێ
هەرچی یادو یادگاریە
لەسەر دڵم ...
دەبێ بە ئێش و ئازارا
ئیتر تازە چیت لێم دەوێ ..
نەکەی هەرگیز
لە خەونیشا بیدرکێنی
نەکەی رۆژێ هەڵە بکەی
یان لای کەسێ باسم بکەی
لێرەو لەوێ ..
بڵێی هێشتان خۆشم دەوێ ..
دڵنیابە تاتۆ مابی
لەوەی زیاتر گوێت لێ نابی
هەر پێت دەڵێم ... چیت لێم دەوێ
..؟
برۆ ئیتر هیچ تۆم ناوێ
هەموو دونیاشم خۆش بوێ
تاکو ماوم ...
دڵنیابە
تۆم خۆش ناوێ .

shallawı@hotmail.com

# ژووانگە

## چەند دڵۆپێک!

### دووەم: بۆردومانکردنی شوێنی دانیشتووان

بۆردومـــان کـــردن و تۆپبـــارانکردنی شـوێنی دانیـشتووان لـەژێـر هـەر بیانـۆو پاساوێکەوە ئەنجام درابێ و بدرێ، واتای بێ بـەزەیی و درنـدەیی ئـەو دەسـتەڵاتـە دەگەیەنێ، راشکاوانەش کورسی ویستی و دیکتاتۆریەتی لێدەکەوێتەوە.

کاتێـک حزبـی بـەعـس بـە کۆدێتـای خوێنـــاوی دەســـتەڵاتـــی وەرگـــرت، سـەرکـردەکانیـان دروشـمی ' هـاتووین و ناگـەڕێینـەوە'یان بـەرزکـردەوە، ئیدی بۆ دەسـتگرتن بە کورسی دەستەڵات، هـەموو شێوازو رێگەیەکیان تاقی کردەوە، دروشمی هـەمـوو شـتێک لـەپێنـاو شـەڕو دواتـریش دروشمی هەمووشتێک لەپێناو سەرکەوتنیان دەگوتـەوە، بـەوهـۆیـەوە زۆر بـە توونـدی لەگەڵ نـەیارو رکابـەرانی خۆیان رەفتاریان دەکـرد. بـۆ شـکاندن و بـەزانـدنی بەرانبەرەکەیان دەستیان لەهیچ نەدەپاراست، لەژێر پاساوی بەچۆک داهێنانی یاخیبووان و لـەیاسـا بـەدەران گونـدو ئاواییـەکـانی کوردستانیان تۆپباران و بۆردومان دەکرد و خەڵکی سڤیلیان شەهیدو بریندار دەکرد.

مێژووی حزبی بەعس و سوپای عێراق لە تـاوانی تۆپبـارانکردن و بۆردومـانکردنی گونـدو ئاواییـەکـانی کوردسـتان پڕاوپڕە. بۆردومانکردنی شاری قەڵادزێ بەرچاوترین نموونـەی ئـەو تاوانانـە بـوو کـە لـە دەیـەی حـەفتاکـانی سـەدەی رابـردوو ئـەنجام درا. هـەروەهـا لـە دەیـەی هـەشـتاکانی سـەدەی رابـردووش بـە ژەهربـارانکردنی شـاری هـەڵـەبجە ئاشـکرابوو کە حزبـی بـەعس بـە خـوێن هـاتووەو بـەخـوێنیش دەڕوات. بـەوهۆیـەوە دەبوایە و گـەرەکیشە کە هیچ حزب و دەستەڵاتێک بۆ سەرکەوتن بەسـەر نەیاران و رکابەرانی، بۆ مانەوەی خۆی و دەسـتەڵاتـەکـەی بیـر لـە تۆپبـارانکردن و بۆردومانکردنی شوێنی دانیشتوان نەکاتەوە، بەڵام ئەگەر بە وردی گوێ بۆ هەواڵەکان رادێـرین و لچکـی پـەڕەکـانی رابـردوو هەڵبدەینەوە، بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوانەی ئێـستاش باکیـان بـە بۆردومـانکردن و تۆپبـارانکردنی شـوێنی دانیـشتوان نیـە، هەرچەندە کە خۆشیان باش دەزانن خەڵکی سڤیل و لاشەڕ پێوە دەبن و لەنێو دەچن.

حکومـەتـی ئێـستای بـەغـداد لـە تۆپبـارانکردنی ئـەو گـەڕەکانـەی کـە بنکـەو پێگـەی نـەیـارانی خـۆی تێدابووە، درێغـی نـەکـردوەو نایکـات. تۆپبـارانکردنی شـاری بەسرەو مـەدینـە سـەدری بەغداد نموونـەی بـەرچـاون، هـەروەهـا حکومـەتـی ئێستای بەغداد داوای لە هێزەکانی ئەمریکا کردووەو هانی داون تا ئەو گەڕەکانە بۆردومان بکەن، ئـەمـەش واتـای ئـەوەیـە کـە ئـەگـەر خۆیـان فرۆکەی شەڕکەریان هەبوایە ئەو کارەیان ئـەنجـام دەدا، بـۆ شـکاندن و بـەزانـدنی رکابەرانیان شارەکانیان بۆردومان دەکرد.

تۆپبارانکردن و بپردومـانکردنی شـوێنی دانیشتوان تەواو پێچەوانـەی ئـەو سوێندەیە کە دەستەڵاتداران دەیخۆن و بەڵێن و پەیمان دەدەن کـە سـەروەری نیشتمانی و سـامانی خـەڵـک و پیرۆزیـەکـانی وڵات بپـارێزن و بەیەکچاو سەیری هەمووان بکەن.

ئەگەر بەلاوچاوێکیشەوە بۆ سـەردەمی شـەڕی براکـوژی و نێـوەخـۆی باشـووری کوردسـتان بگـەڕێینـەوە، تۆپبـارانکردنی شارەکانی هـەولێرو قـەڵادزێ و رواندوز و دەیان شارۆچکەی دیکە دەبینین، کە دەیان کـەسـی سـڤیل و لاشـەڕ بـەرکـەوتـن و تیاچوون. نموونەی بەرچاویش ماڵی حاجی عـەلی قـەڵادزێییـە، کاتێک تۆپێک بـەژێـر زەمینی ماڵەکەیان کەوت، لەئاکامدا ٢١ کەس شەهیدو هەشتی دیکەش برینداربوون.

لەشەڕی نێوەخۆدا هـەمـوو ئـەو چەکانە دەکـارکران، بـەوهۆیـەوە دەکرێ بگـوترێ، ئەگەر چەکی گەورەتریش هەبووایە، لـەژێر پاسـاوی پاراسـتنی شـەرعیـەت و دەستەکەوتەکانی جەماوەر بەکار دەهێنرا.

**رێکار ئەحمەد**

rekarahmed@hotmail.com

www.rekar.org

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com